# کاردانەوەی شارستانیە کۆنەکانی میزوپۆتامیا لەسەرمان چییە؟

## پێشەکی

ڕۆژێک، هاوڕێیەکم لێیی پرسیم: ئەم شتانەی دەینوسی سودیان چییە؟ هاوڕێیەکی ترم پێیی ووتم: بۆچی خۆتت خەریک کردووە بە مێژووی کۆنەوە؟ وا باشـتر نییە، لێکۆڵینەوە لەسـەر گرفتەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە بکەیت؟ لێرەدا بە باشـم زانی وەڵانی پرسیارەکانی ئەو ئازیزانە، بکەمە پێشەکێکی بچوکی ئەم باسەم.

یەکێک بووم لە گەنجە خوێنگەرمەکانی حەفتاکانی سـەدەی پێشـوو. گەرەکمان بوو، بە قەڵەمبازێکی گەورەو خێرا، گۆڕانکاری مەزن لەو کۆمەڵگەیدا بکەین کە تیایدا دەژیان، چوونکە پڕ بوو لە نایەکسـانی، دواکەوتن، چەوسـاندنەوەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی. توندوتیژی لەسـەرەوە بۆ خوارەوە باڵی بەسـەردا ڕاکێشـا بوو، لە دەوڵەت و دەستەڵاتدا، لە نێوان حیزب و پێکهاتەکاندا، هەتا شۆڕدەبۆوە بۆ ناو خێزان و تاکەکان.

من بەش بەحاڵی خۆم، هەر زوو، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ئەو توانا و زانیاری و ئەزمونەی کە لەو کاتەدا هەمبوو، زۆر کەمبوون بۆ ئەوەی بتوانم بە شـێوازێکی کاریگەر، ڕۆڵێکی پۆسـەتیڤانە لە پرۆسـەیەی گۆڕانکاری کۆمەڵگەگەدا ببینم. ئەمانە وایان لێکرم، کە بدرێژایی هەموو تەمەنم، بۆ چەندین سـاڵ، بگەڕێم بە شـوێن ڕاسـتیەکاندا، تێگەیشـتن لە کۆمەڵگە وەکو خۆی، دوور لە خەون و خواستی خۆمەوە، بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی پێشکەوتن یا دۆاکەوتن، هەژاری یان خۆشگوزاری. ئەو فاکتەرانە چین کە دەبنە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەک یان دواکەوتنی کۆمەڵگەیەکی تر؟

گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە پرۆسەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا، هاوشێوەی پرۆسەی گەورەبوونی منداڵێک یان تاکێکی کۆمەڵگەیە. ئەو منداڵە لە ژیانیدا بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕدەبێت، سـکی دایکی، جینەکانی، پەروەردەی خێزان، گەڕەک و هاوڕێکانی، قوتابخانە، ژینگەی سیاسی و ئابووری، ئاین و دەستەڵاتی ئاینی، ئەو گوند و شار و وڵاتانەی ژیانی تێدا بەسەردەبا، خوێندن و فێربوونی، کارو پیشـەکانی... هەموو ئەمانە ئەو تاکە دروست دەکەن و چوارچێوە بۆ خاسڵەت و ڕەفتار و بۆچوونی دادەنێن، بەوپێیە پێناسەیەکی تایبەتی لە کۆمەڵگەدا بۆ دروست دەبێت.

بە هەمان شـێوە هەموو کۆمەڵگەیەک، لە پرۆسـەی مێژوویدا، بە قۆناغ و ئەزمونی جیاوازدا تێدەپەڕی، لە سـەردەم و ژینگەیەکی ئـابووری تـایبەتیدایە، لە جیهـان و نـاوچەیەکی دیـاریکراودایە، کە کـاری تێدەکەن و کـاریـان تێدەکـات. لە گۆڕدان و گەشـەکردنی هەمیشـەییدایە...هەموو ئەوانە خاسڵەتی تایبەتی بەو کۆمەڵگەیە دەدات، خاسڵەتی تایبەتی دەدات بە تاک و خێزان و پێکهاتە و حیزب و دەستەڵاتدارانی ئەو دوڵەتەی کە لە چوارچێوەکەیدایە.. بێ تێگەیشتنی ئەوانە زۆر زەحمەتە لە ڕەفتار و شـێوازی کارکردن و بیرکردنەوەی خەڵک و ئەکتەرەکانی بگەین. بێ تێگەیشـتی ئەوانە، زەحمەتە بتوانرێ ، بە شـێویەکی دروسـت، تاک و گروپ و ڕێخراو و پارتە سـیاسـییەکانی، پرۆگرام و پلانی دروسـت بۆ گۆڕانکاری تیایدا دابڕێژن.

مێژووی کۆن، یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان، کە کاردانەوەیان هەیە لە سەر خاسڵەتی ئەمڕۆی کۆمەڵگەکانمان، بۆیە لەم نوسـینانەمدا، هەوڵم داوە بێلایەنانە، لێکۆڵینەوەیان لەسـەر بکەم. مەبەسـتم لەم کارە، قاپی خسـتنە سـەر پشـتە بۆ زیاتر قوڵبونەوە تیایاندا و دەوڵەمەندکردنیان و ڕاستکردنەوەیان.

ئەم، نوسـراوە، بەشـێکە لە کتێبی (بۆچی خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت شـکسـتی هێنا) کە سـاڵی ٢٠١٧ بڵاوم کردەوە. لەبەر ئەوەی کەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی فراوەنە و چەندین بابەت و قۆناغ و شـوێنی جیاوازی جیهانی لەخۆ گرتووە، بڕیارم دا دابەشـی بکەم بەسـەر حەوت کتێبی بچوکتردا، بە شـێوەی **PDF** بڵاویان بکەمەوە. داواکارم سـوودبەخش بن بۆ خوێندەرانی بەڕێز و ئاسانکاریەک بێت بۆیان.

سەلاح حسێن ئەفەندی

سلێمانی، فابریوەری ٢٠٢٢

